دابەزینی ڕێژەی کورد لە ناوچە کوردستانییە داپڕێنراوەکاندا: ناوچەی شوان بە نموونە

محەمەد شوانی

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین و توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر گەشەکردنی دانیشتوان لە هەر یەکەیەکی کارگێڕی ناوچە کوردستانییە داپڕێنراوەکان بکەین، دوو ڕاستی حاشاهەڵنەگرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

یەکەم: لە هەموو ئەو یەکە کارگێریانەی تێکەڵن، واتە لە ساڵانی چل و پەنجاکانەوە لە سەدا سەد کورد نەبوون، وەکوو مەندەلی و خانەقین و خورماتوو و قەزای ناوەندی کەرکووک و دوبز و ...هتد ژمارەی دانیشتوان زیادی کردووە، بەڵام ڕێژەی کورد ساڵ بە ساڵ کەمتر بووەتەوە.

دووەم: لە هەموو ئەو یەکە کارگێڕیانەی لە سەدا سەد، یان زیاتر لە سەدا نەوەدی کورد بوون، وەکوو قادر کەرەم و شوان و مەخموور و دیبەگە و ...هتد لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، تاوەکوو ئێستا ژمارەی دانیشتوان یان زیادی نەکردووە یان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم زیادی کردووە، زۆر جیاوازە لە گەشەکردنی ناوچە عەرەبییەکان، بۆ نموونە، ئەگەر بەراوردیان بکەین بە گەشەکردنی دانیشتوان لە قەزایەکی وەکوو حەویجە.

ئەگەر لەم نووسینە وەکوو نموونەیەک لە ناوچەی شوان باسی گەشەکردنی دانیشتوان بکەین، کە یەکێکە لە ناحیە هەرە دێرینەکانی سەردەمی عوسمانیی سەنجەقی کەرکووک و لیوای کەرکووکی سەردەمی پادشایەتی و پارێزگای کەرکووکی دوای شەستەکان، لە ڕووی شوێنەوە، بە دووری (٣٠) کیلۆمەترێک دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزای ناوەندی کەرکووکەوە.

ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە، ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بۆ خۆی وەکوو ڕادەیەک گرفت ئامێزە، چونکە سەرچاوە کۆنەکان، کە باسی ژمارەی دانیشتوانیان کردووە، باسیان لە خێڵی شوان کردووە نەوەکوو ناحیەی شوان وەکوو یەکەیەکی کارگێڕی، دوواتریش بە فەرمی سەرژمێری ناوچەکە کراوە، وەکوو یەکەیەکی کارگێڕی لە چوارچێوەی سنوورێکی دیارکراودا سەرژمێری کراوە، لە حاڵەتی یەکەم خێڵی شوان تەنیا لەو سنورە کارگێڕییە نەبووە، کە پێی گوتراوە ناحیەی شوان، لە حاڵەتی دووەمیش سنووری ناحیەکە و گوندەکانی تەنیا لە خێڵی شوان پێک نەهاتوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەی لەم نووسینەدا ئاماژە بەسەرچاوە کۆنەکان دەکەین، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی کەمبوونەوەی دانیشتوان پشت بە سەرژمێریەکانی ناوچەکە دەبەستین.

هەموو ئەو خەملاندن و مەزەندەکارییانەی لە نووسینی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکاندا بەرچاو دەکەون، لەسەر شوان وەکوو خێڵ نووسراون، ئەدمۆندز بە یازدە هەزار

کەس و مێجەر سۆن بە پازدە هەزار کەس، بەڵام مەردۆخی و محەممەد ئەمین زەکی خێڵی شوانیان بە دوو هەزار خێزان مەزەندە کردووە. لێرەدا، خێزانیان بەکارهێناوە نەوەکوو کەس، دیارە ئەمەش هەمان ڕێژەی ئەدمۆندز و سۆن دەکات، ئەگەر ناوەندی هەر خێزانێك بە پێنج تاوەکوو شەش کەس دابنێین، لەو دوو هەزار خێزانەدا نزیکەی دووازدە هەزار کەسێك دەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە سەرژمێرییەکانی عیراق لە بیستەکانەوە تاوەکوو هەشتاکان، لە شواندا وەکوو ناوچەیەکی دیاریکراو و سەنتەری چەند گوندێك بەپێی باری سیاسی وجوگرافی و نزیك لە گوندی ڕێدارەوە ئەنجامدراون، نەوەك وەکوو خێڵ، جگە لەوەی لە ڕووی خێڵایەتییەوە ناوچەکە چەند گوندێکی خێڵی شێخ بزێنی گرتووەتەوە گوندەکانی خێڵی شوانیشی دابەشکردووە بەسەر قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ و قەڵاسێوکە و تەقتەق و پردێ و دووبز و قەزای ناوەندی کەرکووکدا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چل تاوەکوو پەنجا ساڵ وەکوو ناوچەیەکی کارگێڕی لە سایەی حکوومەتی ئێراقیدا دانیشتوانەکەی لەم سەرژمێریانەدا نەوەکوو هەر زیادی نەکردووە، بەڵکوو کەمیش بووەتەوە، یەکەم سەرژمێرییەکی فەرمیم دەستکەوتبێت لەسەر ناوچەی شوان بریتییە لەو سەرژمێرییەی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی گەل (مجلس الشعب) بە شوان و پردێشەوە لە 1946دا ئامادەکراوە، لەو هەڵبژاردنەدا دووەم ناوچەی هەڵبژاردنەکان پێك دەهێنن، دوو کەس بۆ ئەو پۆستە کاندید و دەستنیشانکراوە، ئەوانیش بریتی بوون لە (سەید حوسەینی خانەقا و ئەمین قیردار، کە خەڵکی ناوچەکە پێیان گوتووە ئەمین قەردار) ، دەبوو یەکێکیان بەپێی زۆرینەی دەنگ ببێتە نوێنەری ناوچەکە، ئەوانەی بەشداریان لەو دەنگدانەدا کردبوو، دەڵێن سەرەڕای ئەوەی هەموو خەڵکی دەنگیان بۆ سەید حوسەینی خانەقا دا، بەڵام ئەمین قیردار دەرچووە، لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا نێرینە و تەمەن سەرووی هەژدە ساڵ بۆیان هەبووە دەنگ بدەن، کۆی گشتییان حەفت هەزار و حەفتا و سێ کەس بووە، کەچی لە سەرژمێری 1947دا سەرجەم دانیشتوانی ناوچەکە یازدە هەزار و دوو سەد کەس بووە، ئەمە بە بەراورد کردنی لەگەڵ ژمارەی دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکانی 1946گومان لەوەدا نییە، هەڵەیەکی زۆری تێدایە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی لادێی و پشتبەستوو بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا ژیا بێت و کاریگەری ئایین لەسەری بەهێزبوو بێت، لە سەردەمێکدا هێشتا بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان و بەدەرکەوتنی خێزانی ناوکی تیایدا نەهاتبێتە ئاراوە، لە دەنگدانێکدا حەفت هەزار و حەفتا و سێ نێرینەی تەمەن سەرووی هەژدە ساڵی دەنگی دابێت، دەبێت بپرسین چەند کەسیش بەشداری دەنگدانی نەکردووە و ژمارەی ئافرەتانی چەند بووە و ڕێژەی تەمەنی خوار هەژدە ساڵ چەند بووە. بەلایەنی کەمەوە دەبوو سەرژمێری ناوچەی شوان لە 1947دا نزیکەی بیست هەزار کەس بووایە، کەچی لە سەرژمێری 1957یشدا سێزدە هەزار و سێ سەد و دوو کەس بووە، کە بەسەر (76) حەفتا و شەش گوندا دابەشبوون، لە سەرژمێریەکەدا بەپێی ڕەگەزی "نێرو مێ" بەم شێوەی خوارەوە تۆمارکراون :

| ز | ناوی گوند | نێر | مێ | کۆی گشتیی | ژ.خیزان ١٩٨٧ ٢٠٢٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێدار 218 | 205 | 423 | | |
| 2 | جەوەجەوە | 38 | 35 | 73 | |
| 3 | قولی بەگ | 117 | 84 | 201 | |
| 4 | تۆراغ 81 | 89 | 170 | | |
| 5 | دوبزنی 42 | 39 | 81 | | |
| 6 | قادرزەمە | 65 | 69 | 134 | |
| 7 | کاریز وەتخر | 68 | 63 | 131 | |
| 8 | حەسار تەها | 54 | 61 | 115 | |
| 9 | بیراڵك 111 | 102 | 213 | | |
| 10 | تولڵکی 235 | 233 | 468 | | |
| 11 | قەرەسالم سەروو | 136 | 121 | 257 | |
| 12 | قەرەسالم خوارزو | 70 | 66 | 136 | |
| 13 | ئالی بەیان | 187 | 197 | 384 | |
| 14 | کاولەسوار | 43 | 46 | 89 | |
| 15 | شەوگێڕ | 93 | 97 | 190 | |
| 16 | پەڵکانە 94 | 85 | 179 | | |
| 17 | دەرماناو | 81 | 65 | 146 | |
| 18 | عەمدۆن | 160 | 150 | 310 | |
| 19 | مەرزیخەی خواروو | 156 | 153 | 309 | |
| 20 | مەرزیخەی سەروو | 129 | 132 | 261 | |
| 21 | حەسەن قەباغ 58 | 58 | 116 | | |
| 22 | کانی ڕەش | 56 | 52 | 108 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 23 | جگیله | 73 | 85 | 158 | | |
| 24 | قەرەناو | 319 | 273 | 592 | | |
| 25 | سماقە | 109 | 114 | 223 | | |
| 26 | کەپەنك | 96 | 105 | 201 | | |
| 27 | دارئەختیار | 118 | 117 | 235 | | |
| 28 | ئیلنجاغ | 83 | 168 | 251 | | |
| 29 | ئۆمەرمەندان | 109 | 95 | 204 | | |
| 30 | تورکمان باغ | 111 | 113 | 224 | | |
| 31 | کارێزەی خاڵخاڵان | 227 | 178 | 405 | | |
| 32 | تەرەقە | 32 | 34 | 66 | | |
| 33 | دووشیوان | 73 | 69 | 142 | | |
| 34 | نێبەسەرە | 62 | 64 | 126 | | |
| 35 | ناروجەی حاجی جەرجیس | 29 | 63 | 92 | | |
| 36 | ناروجەی ئەحمەد ڕەجەب | 24 | 28 | 52 | | |
| 37 | ناڕوجەی حەمە بلە | 137 | 123 | 260 | | |
| 38 | تەپەکورەی سەروو | 45 | 47 | 92 | | |
| 39 | تەپەکورەی خواروو | 46 | 36 | 82 | | |
| 40 | مەمان | 6 | 12 | 18 | | |
| 41 | قادر عەلی | 8 | 8 | 16 | | |
| 42 | ئۆمەر بەگ | 49 | 54 | 103 | | |
| 43 | پاپیلان (چەڵتوکە) | 155 | 132 | 287 | | |
| 44 | حاجی بەیخانی سەروو | 74 | 75 | 149 | | |
| 45 | ئیسماعیل بەگی | 133 | 111 | 244 | 67 | 6 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 46 | قەرەبڵاغ | | 22 | 18 | 40 | 0 | 0 |
| 47 | قەمبەر | 64 | 50 | 114 | | | |
| 48 | گەنیاك | 38 | 38 | 76 | | | |
| 49 | جانقزی سەروو | | | 68 | 77 | 145 | |
| 50 | جانقزی خواروو | | | 69 | 44 | 113 | |
| 51 | مام ڕەش | | 201 | 200 | 401 | | |
| 52 | مۆرد | 24 | 22 | 46 | | | |
| 53 | خدر شیرین | | 95 | 95 | 190 | | |
| 54 | تورکە | 48 | 60 | 108 | | | |
| 55 | ئیبراهیم زانا | | 10 | 14 | 24 | | |
| 56 | جولحان | | 93 | 93 | 186 | | |
| 57 | حاجی بێخانی خواروو | | | | 69 | 44 | 113 |
| 58 | گورگان | 43 | 43 | 86 | | | |
| 59 | تۆمار | 117 | 101 | 218 | | | |
| 60 | عەلی موسا | | 32 | 35 | 67 | | |
| 61 | گورزەیی | | 10 | 10 | 20 | | |
| 62 | کەڵاوقوت | | 184 | 171 | 355 | | |
| 63 | گوڵمکەوە | | 255 | 218 | 473 | | |
| 64 | ڕەحیماوە | | 10 | 13 | 23 | | |
| 65 | فەقێ میرزا | | 125 | 100 | 225 | | |
| 66 | پەڵکە ڕەش | | 100 | 80 | 180 | | |
| 67 | یەختە خان | | 69 | 69 | 138 | | |
| 68 | عەلی مکایل | | 23 | 15 | 38 | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 69 | ئاوباریك | 49 | 42 | 91 |
| 70 | گۆران | 86 | 73 | 159 |
| 71 | دەلۆ | 113 | 94 | 207 |
| 72 | پیریجان | 56 | 43 | 99 |
| 73 | سورەدێی سەروو | 76 | 55 | 131 |
| 74 | قەفار | 158 | 156 | 314 |
| 75 | داربەسەرە | 20 | 16 | 36 |
| 76 | ناسرومیسر | 44 | 33 | 77 |
| 77 | داربیلە | 49 | 44 | 91 |
| | کۆی گشتیی | 6830 | 6472 | 13302 |

دواتر چەند گوندێکی لێ داپڕێنراوە، بۆیە لە سەرژمێری 1965دا، گەیشتووەتە پازدە هەزار و دوو سەد حەفتا و نۆ کەس و لە ئاماری ساڵانەی 1970شدا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە شازدە هەزار و سێ سەد و چل و پێنج کەس بووە، حەوت ساڵ دواتر لە سەرژمێری ساڵی 1977دا، بووە بە شازدە هەزار و نۆسەد و دوو کەس، ئەمە دوا سەرژمێری گشتیی ناوچەکە بووە، کە لە لایەن دەزگە فەرمی و حکوومەتی ناوەندییەوە ئەنجام درابێت، بێجگە لەو لیژنەیەی بۆ نەخشەدانان و پلاندانانی پەرەپێدانی لادێکان لە عێراقدا دروستکرا، لە 1982 بۆ کۆکردنەوەی گوندەکانی شوان توێژینەوەیەکیان پێشکەشکرد و تێکڕای ناوچەکەیان، کە ئەو کاتە لە شێست و سێ گوند پێکهاتبوو بە دوو هەوار و شازدە خێزان و  دوازدە هەزار و حەقت سەد و نەوەد و نۆ کەس لە قەڵەم داوە، واتە دوای بیست و پێتج ساڵ لە سەرژمێری ١٩٥٧، کە بە قەولی "مالتۆس" دەبوو ژمارەی دانیشتوان دوو بەرانبەر بێت لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا، کەچی ژمارەی دانیشتوانی ناحیە شوان لە ١٩٥٧ەوە بۆ ١٩٨٢ پێنجسەد و دوو کەس کەمی کردووە، واتە ئەگەر ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی زۆرەملێش نەبووایە، سیاسەتی ڕەگەزپەرستی ناوەند بە بەرنامە کاری دەکرد، بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد، تاوەکوو دواتر لە مانگی چواری ١٩٨٧ بڕیاری چۆڵکردن و وێرانکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی ناحیەی شوان درا بۆ هەولێر و لە کۆمەڵگەکانی بنەسڵاوە و دارەتوو و کەورکۆسک و جدیدە و تۆبزاوە نیشتەجێکران.

دوای ٢٠٠٣ و ئاوەدانکردنەوەی ناحیەکەو گوندەکانی، سەرەڕای گەراندنەوەی تۆمار و ڕەگەزنامەی باری کەسی و پسووڵەی خۆراک و مامەڵەی فەرمی وەکوو دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە دوای حەفتا و حەوت ساڵ، که لەسەر ژمێری ١٩٤٧ شوان یازدە هەزار و دوو سەد کەس بووە، نزیکەی پەنجا ساڵە سەرژمێری لەم ناوچەیەدا نەکراوە، تاوەکوو لە ٢٠٢٤ ژمارەی دانیشتوانی گەیشتووەتە شازدە هەزار و سێ سەد و پەنجا و دوو کەس، تەنیا پێنج هەزار و سەد و پەنجا و دوو کەس زیادی کردووە. لە هەڵبژاردنی ١٩٤٦دا، حەفت هەزار و حەفتا و سێ کەس تەنیا نێرینە دەنگی داوە، ئەگەر ژنانیش بە هەمان ڕێژە بەشداریان بکردبایە، چواردە هەزار و سەد و چل و شەش کەس دەنگیان دەدا، دوای نزیکەی هەشتا ساڵ لەو هەڵبژاردنە، ئێستا ئەو ڕیژە دەنگدەرەی کوردی تێدا نەماوە؟

ئێستا بە هەزاران خێزانی کوردیی ناحیەی شوان لە هەولێر و سلێمانی نیشتەجێن و نەگەڕاونەتەوە ناوچەکە، ئەمە بۆ تەواوی یەکە کارگێریەکانی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی دیکەش ڕاستە و مەترسی و هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لە سەر ئایندە و چارەنووسی ئەم ناوچانە، ئەوەی جێگەی داخە نە حکوومەتی هەرێم بەرنامەیەکی نەتەوەیی هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەم خێزانانە و نە هەندێک لە براتورکمان و عەرەبەکانمان بڕوامان پێ دەکەن، کە ئەمانە دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکووکن. لە هەڵبژاردنەکاندا، دەڵێن لە هەولێر و سلێمانییەوە کورد دێنن بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد زیاد بکەن.